کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-11-2007 1:10بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## کـــورد و ستراتیژی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا؟ ... ئـەدەبـی کـــورد

بێگومان کورد تەنیا میللەتێکە کە مافی خوراوە و خیانتیان پێکراوە لە مێژوودا. هەموو پەیمانەکانی سیڤەرو لۆزان و سعدئاباد و ئەلجەزایر و تاران و بەغدا وئەنکارا و دیمەشق و قاهیرە بۆ هەموومان روون ئاشکرایە.

لە دوای ئەو هەمووتاوانانە و کۆمەڵکوژیانە و کیمیابارانە کە کرا لە لایان رژێمەکانی داگیرکەرانەوە بەسەر کورد وووڵاتەکەی، بەردەوام پلانی ستراتیژیان هەیە و لەگەڵ یەك زانیاریەکان لە سەر جموجۆڵی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان چاودێری و ئالووگۆری ئەکەن. وە لەگەڵ هەموو ئەو پلانە ناجوانمێردانە کە بەسەر کوردا لە مێژوودا هێناویانەو توانیویانە بە کورد کوژی و کورد بە کورد بۆ ماوەێك خەباتیان هەرەسی پێبێنن تا پلانی تریان بۆ دابنێن بکەن.

ماوەێکە رژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتوونەتە جموجۆڵی سیاسی ودیپلۆماسی لە جیهان و وە بەتایبەت سعودیە و ئێران یا عەرەب وفارس کە دوو باڵی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن وە دوو مەزهەبی شێعەو سونی ڕێبەری ئەکەن کەوتوونەتە قۆناخێکی تازە بۆ دژایەتی یەکتر لە ناوچەکە، تورکەکانیش خۆیان بێبەش ئەزانی وە بۆئەوەی خۆیان نیشانبەن کە ئێمەیش هەین و ئەمەین کە هاتن بە دانانی ئەم حیزبە تازەی بە ناو ئیسلامی تورکیا کە بە حیزبی عەدالەت وگەشەپێدان ناسراوە توانی لە کەمترین کاتی ژیانی حیزبێك لە مێژوودا خۆی بێنێتە سەر حوکم لە خۆیدا ئەمە پلانێکی دارێژراوی درێژخایانی تورکەکانە کە بۆ دوارۆژی ئەم ناوچەیە خۆیان ئامادە کردوە.

ئێرانیەکان بە مەزهەبی شێعە و فارسیەوە لە گەڵ عەرەبی سونی و تورکەکانی سونیە عوسمانیەکان کە ئەمرۆ سەری هەڵداوەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆی لە خۆیدا ئەمانە نایێتە دی پێویستە سەرکردایەتی کورد بە زانستەوە وبە پلانەوە ئاگایان لەم جۆرە ستراتیژیەی ناوچەکە بن و دڵنیا بن کە فارسەکان وتورکەکان وعەرەبەکان پلانێکی زۆر درێژخایانان داناوە بۆ خۆیان و ئەیانەوێت هەموو گرفتەکانیان بیهێنە ناو خاکی کوردستانەوە وە ئێمەیش لەبەر سنووری جوخرافیایی کە هەمانە کەوتوینەتە ناوئەو پلانەوە.

کردنەوەی دوو کونسوڵگەری ئێران لە بەرچاو و خۆشەویستی نەتەوەی کورد نەبووە بەڵکوو پێویست بوو نیشان بدات بە عرب و سونی کە لە کەربەلا و نەجەف و بەسرە ئەگەر ئەیکاتەوە بۆ شێعەگەری نیە وە هەولێر و سلێمانیش کردومانە کە بە پلانی مەزهەبی نوێ شێعەوە نەهاتووە ناوچەکە وە، دیارە سعودیەیش لە گەڵ تورکیای سونی کۆنە عوسمانی بە پەیەمانێك دژی شێعە بەستووە هاوسەنگی کردوە دژی ئێران و شێعەگەری لە ناوچەکەدا و چەکی ناوەکی کە ئێران نزیك بووەتەوە و دەنگی ئیمام زەمانی شێعە بەرز بووتەوە و وە چەکی ئیمامی ئاخرزامانی هێناوەتە بازارەوە زۆر گرنگە بەرپرسانی کورد چاوێك بەم خاڵەگرنگەدا بدەنەوە و خۆیان و بە دەیان پلانی تایبەت بۆ ئەمانە و دەیان ئەگەری سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری و سەربازی خۆمان بە هەموو شێوەێك ئامادە بکەن.

ئەوەی زۆر گرنگە کارو پیشەی ڕۆڵەکانی ئەم خاك نیشتیمانەیە کە ئاگاداری ئەو پلانانەی دوژمنان بن کە بەردەوام دوژمنایەتیمان ئەکەن و پێویستە بە زانستی سەردەم و تواناکانی لاوەکانمان وە تەجرووبەی مێژوویمان دەرسیان لێبگرین و خۆمان و حکومەت وسەرۆك رێکبخەین و ئامادە بکەین بۆ دوارۆژ کە هەنگاوەکانمان لەو کاتەدا سەردەمی و زانستیانە بێت. نە ئەوەی بڕۆین یا بکەوینە ستراتیژێکەوە کە نازانین کێ دایناوە و ڕێگەی ڕۆشتن و گەڕانەوەمان دیاری نیە و هەرەس لە دوای هەرەس بە سەرمانا بێتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-11-2007 1:10بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

گرفتێکی نەتەوەیی ئێمە ئەوەیە کە ستراتیژیمان ڕوون نیە نە بۆ دوژمن نە بۆ دۆست لە بەر ئەوە هیچکەس نایێت کە بەرژەوەندیەکانی سیاسی و بازرگانی خۆی بۆ کورد تێك بدات بە بێ بەرامبەر ئەمە یەکەم هەنگاوە کە کورد چۆن ئەتوانێت بەرژەوەندی دروست بکات و بیانپارێزێت و هاوکات چۆن ئەتوانێت خۆی لەگەڵ بەرژەوەندیە ناوچەیەکان و جیهان بگونجێنێت و بدۆزێتەوە و بکەوێتە ناو ئەو بەرژەوەنیانە کە ستراتیژی ناوچەیی و جیهانی ناو دەبرێن.

ئەم بیر وباوەڕە ڕۆڵەکانمان ئامادە و ڕێنمایی ئەکات بۆ دواڕۆژ کە هەنگاوەکانیان لە ئاستی ڕۆژ دا وبەرژەوەنیەکانی نەتەوەکەیانا بێت، هاوکات بە ووردی دراساتی پلانی دووژمنان لە سەنتەرە تایبەتمەندیەکانی حکومی دا تۆژینەوەی زانستی بکرێن و ڕیگای چارە و ئەگەرەکانیان بۆ دابین بکرێت. بەم شێوەیە کورد ئەتوانێت بۆ دانانی سیستەمی ژیان و حکومەت وئیدارەی وولات هەنگاویی یەکەم بنێت بۆ دواڕۆژێکی روون و سەرکەوتووانە کە بەبێ گرفت وزیانیش نابێت. سەرۆك بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەت لەم کاتەدا بەرپرسیاریەتی مێژوویی کەتووەتە سەرشانیان کە هەوڵدان بۆ جێلێك لە ڕۆڵەکان بۆ پاراستنی وولات بە تەکنۆلۆژیاو زانستی سەردەم لەگەڵ هاندانی گرووپی تایبەت بۆ بەرنامە کانی پاراستن و ئاسایشی وولات لە لایێکەوە و هێزی پێشمەرگەیش بۆ دیفاع و بەرگری لە خاك و نیشتیمانەکەی ئامادە بکات، هاوکات لە بوارەکانی ئابووری دا کشت وکاڵ و ئاژەڵداری بە پلانێکی چەند ساڵە کە کەش وهەوا وخاك و ئاوی کوردستان لەم بوارەوە بواری ئەوەی هەیە کە سەربەخۆبێت کە ئەمە ستراتیژی ئابووری نەتەوەکەمان ئەپارێزت، وە ئەم هەنگاوانە پاڵ پشت دەبێت بەم هێزە کە هاوکاتە بە بوژانەوەی هەموو کوردستان بە شارو شارۆچکە کانمان و بە ملیونها کەس بەکار دەبن لەم بوارەدا کە خۆی لە خۆی دا کورد دوور ئەکاتەوە لە شارە گەورەکان و کۆچ کردن بۆ هەندەرانیش و بێ ئیشی کە دەردی یەکەمی زۆربەی وولاتانە لە جیهاندا.

لە بواری پەروەردەو زانست دا بایەخدان بە خۆێندن و زانستی سەردەم بۆ پلانە ستراتیژیەکانی وولات بە پێی بەرنامە دارێژراوەکانی حکومەت بۆ دواڕۆژی وولات زۆر گرنگە و دەوری سەرەکی لە ڕۆشنبیری وولات دا نەبینێت.

لە بواری میدیایی کە ئەمڕۆ دەوری باشی هەیە تا ڕادەێکی زۆریش پێویستە زۆر وبۆر نەبن و بە بەرنامەی تایبەتەوە هەنگاو بنێن بۆ دروست کردنی ئەو بەرنامە ستراتیژیانەی حکومەت کە بۆ نەتەوەکەی داناوە بۆ هاندان و ڕوونکردنەوە وڕخنەی دروستکەری ڕاگەیاندنەکانی کوردی بۆ بەرژەوەندیە گشتیەکان.

هیوادارم دەسەڵات و حکومەتی کوردستان و ڕاوێژکارەکانیان ئەم خاڵانە لە بەرنامە وستراتیژی دواڕۆژی نەتەوەکەمان لە بەرچاو بگرن و خۆیان دووربگرن لە گیروگرفتی حیزبایەتی و گەندەڵی و ناپاکی بە خاك و نیشتیمانەکەیان، وە دەرسیش لە مێژووی ناوچەکە بگرن کە دەسەڵات بۆ خزمەتگوزاری و ئاوەدانیە و مێژوویش بەزەیی بە کەسدا نایێتەوە.

ئەدەبی کورد
adabykurdi@msn. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.